www.kurdistannet.org
28-2-2006 11:22 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ژیانێک لەخۆرئاوابوونی مەرگدا... ؟؟!! ریژین ابراهیم

rezhen@maktoob. com



بەدرێژای ساڵ و هەموو ڕۆژە کان لەژورەکەی خۆیدا لەگەڵ تەنهایدا ببوە هاوڕێیەکی هەمیشەی خۆی و هەمیشە لەبەردەم ئاوێنەی ژوورەکەی خۆیدا رازو نیازی دڵی خۆی باس دەکرد، ئاکام هەمیشە حەزی دەکرد کەچووە زانکۆ زوو بگەرێتەوەو لەبەر ئەوەی حەزی بەقەرەباڵغی نەبوو هاوڕێیەتی کەسی نەدەکر بەڵام زۆر جاریش کە ئیڤان لەپۆلدا بوایە حەزی دەکرد هەمیشە هاوڕێیەتی ئەو بکات، ڕۆژ بە ڕۆژ حەزی دەکردلیی نزیک ببێتەوە، ڕۆژێکیان ئیڤان نەهاتەوە بۆ زانکۆئاکامیش لەدڵی خۆیدا ئەی ووت باشە بڵێی درەنگ خەبەری بوبێتەوە... ؟؟ یان نەخۆش بێت.. !! یان ئەویش وەك من تاقەتی دەوامی نەبێت حەز بکات بەتەنها بژی تۆبڵێی وابێت.... نانانا رەنگە کارێکی هەبێت نەتوانی ئەمرۆ بێتەوە بۆ دەوام... !!، هەموو کات لەئەگەری چاوەروان کردنی خەبەری دەکر لەلایەن کەسەێکەوە کە هەواڵی ئەوی بۆ بهێنی... !!ئەو ڕۆژە تادەوامی زانکۆ تەواو بوو چاووی هەر لەچاوەڕوانی ئەودابوو...

شەویش بەتەنهالەگەڵ هەموو مۆتەکەکانی شەواندا ببووە هاورێی هەمیشەی، شەوانە بەدیار ئەو وێنەی ئیڤانەوە وەنەوز دەیبردەوە بەردەوام ئەو رەسمانەی دەهێنا کە چوبون بۆسەیران رەسمیان گرتبوو، شەوانە بیری هەر لای ئەوە بوو کەبەیانی چوو بۆ زانکۆ چۆن بەیانی باشی لی بکات چۆن بتوانی سەرنجی رابکێشێت، رۆژەکانی هەینی زۆر بەلاوە ناخۆش بوو چوونکە نەیدەبینی، ئیڤانیش کچێکی جوانی ناسك بوو، تاقانەی ماڵ بوو هەمیشە وەك کچانی تاقانەی تر نازی هەبوو ئەوەندەش هۆگری ئاکام بوو، هەردوکیان لە دوو عاشقی پاك دەچوون هەریەکەیان ئەوەندە یەکتریان خۆش دەویست کەسیان جورئەتی ئەوەیان نەبوو کە بەیەکدی بڵێن.... . !! هەردووکیان لەدوو مەلی باڵدار دەچوون لەگەڵ یەکدی بەرزەبوونەوە بۆ ئاسمانو سەمایان دەکرد سەمایەك لەگەڵ هەموو عاشقەکاندا یەك ڕیزدەوەستان هەرکەس دەچوو بەلای مە عشوقەکەی خۆیەوەو پۆل پۆل سەمایان دەکرد هەریەکەیان لەخۆشیدا بوون هەریەکەیان دەمیان لەناو یەك دەناو ڕۆژگاریش تینووی ئەو کاتە بوو کە مە عشوقەکان بەیەکدی بگەن.... !!!؟؟...

ئەو رۆژە بارانێکی زۆر دەباری تاریکی هەورەکە شاربەتەواوەتی پربوو لەلێزمەی بارانو هەورێکی چڵکن بەری ئاسمانی گرتبوو گێژەلۆکەی باران و رەشەبا دەستیان لەگەڵ یەکتر تێکەڵ کردبو، ئەو کات هەڵهاتنی خۆر زۆر زەحمەت بوو چونکە لەڕۆژگارێکی ئاوادا پرلەباران وگێژەلۆکەی باران هیچ لەرازو نیازەکەیئاکام ناهێنێتەدی، ناشتوانن بەم بارانەبچنە دەوامی زانکۆپاش ئەوە لەجێگاکەی خۆی هەستاو لەبەردەم پەنجەرەکەی ماڵی خۆیان روانیە بارانەکە، بارانەکە تادەهات زیاتر دەبوو هەروەك بڵێی ئاسمان لەزەوی تورە

بووبێت، خۆ ئەو ڕۆژانەی کەهەینی بوونەیدەبینی لەماڵەوە رەسمەکەی دەردەهێناو تێر سەیری دەکرد دەینا بەسینەیەوە و بەرامبەر خۆی دایدەنا، ڕۆژ بەڕۆژ تامەزرۆی بینینی بوو لەپۆلدا هەمیشە دەیروانیە ئەو تابزانی چۆن پێی بڵێت کەچەند خۆشی دەوێت، ئیڤان هەستی بە ئاکام کردبو کەدەیەوێت شتێیەك بڵی کە ئەویش چاوەڕوانی دەکرد، چونکە ئیڤانیش تەواو خرۆشی ئاکام ببوو بەڵام نەیدەتوانی دەست پێشکەری بکات چونکە هەموو جارێك دایکی پێی دەوت بۆ کچ عەیبە بەکور بڵی خۆشم دەوێیت... ؟؟!!
لەبەر ئەوەی هەردەبێت کور بەکچ بڵێت خۆشم دەوێیت، چی جارێك بیویستبایە کەبچێت بەئاکام بڵێت یەکسەر قسەکەی دایکی بیر دەکەوتەوە، ئەو ڕۆژە ئیڤان بەتەنها لە سوچێکی پۆلەکەدا دانیشتبوو ئاکام وویستی بەرەو ڕوی بچێت بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات کەبەرەو رووی چوو لەرێگەدا دڵی بەسەریعی لێیدەدەو چونکە زۆر شەرمن بوو...
(ئیڤان) لەدڵی خۆیدا دەیوت ئێستا پێی دەڵێم بەیانیت باش... نا پێم دەڵێت چۆنی یڤانگیان..
منیش پێی دەڵێم ئەی تۆ چۆنی ئاکام گیان... !!
ئاکام لەوەدا بوو بگاتە لائیڤان بەڵام کەچووە بەردەمی یەکسەر دوو هاوڕێی ئیڤان هاتن بۆ لای ئەویش ووتی بەیارمەتیت دووای قسە ئەکەین، ئاکام ئەو ڕۆژە کەچووە ماڵەوە تەواو لەخۆی بێزار بوو چونکە ئەو ماوەیەی بەهەل زانی بۆ ئەوەی رازو نیازی خۆی بۆئیڤان باس بکات رەنگە قەدەر جارێکی تر نەتوانێت لە ژوانێکی وادا دڵی ئەو دوانە رازی بکات، ئاکام هەموو ڕۆژێك پێش ئەوەی بچێت بۆ زانکۆ هەر لەبەر ئاوینەکە خۆی دەرازاندەوە بەئومێدی ئەوەی بتوانی سەرنجی بەلای خۆیدا رابکێشێت، هەر کە دەچو چاووی بە ئیڤان دەکەوت زۆر خۆشحاڵ دەبوو بەبینینی پێش وەخت لەوی ئامادە دەبوو ئەو ڕۆژانەی کەنەدەهات یان درەنگ دەکەوت هەمیشە چاوەکانی لەسەر رووی پەنجەرەکە دەبوو بەو نیازەی بەدەر بکەوێت خۆئەگەر نەش هاتایە یەکسەر دەچووە وەماڵی چاوەڕوانی سبەی دەکرد کەبچێتەوە بەڵکو بێتەوە بۆ دەوامو قسەی لەگەڵ بکات، رۆژی دواتر کەچووەبۆ دەوام و ئیڤانیش لەوی ئامادەبوو یەکسەر چووە لای و بەیانی باشی لێکرد، دوای ئەوەش پێی ووت ئەگەر دەوام تەواوبوو ئیشم پێتە بەڵام ئەو ڕۆژەکاتژمێر زۆر بەهێواشی دەرۆیشت و رۆژگارهەرنەدەڕۆیشت، ئیڤانیش زۆر بەو قسەیە خۆشحاڵ بووچونکە دەیزانی کەئەوەی چاوەروانی بووهاتەدیبەڵام ئەو چەند سەعاتەی خوێندنیان لی نەدەرۆشت لەلایەك مامۆستا وانەکەی شەرح دەکرد لەم لاشەوە ئاکام و ئیڤان لەخەیاڵی یەکتر دابوون... !!
ئەو دوانە بەجەست لەپۆلدا بوون بەلام بەخەیاڵ لەوێدانەبوون، سەیرە لەکاتی چاوەروانکراودا ڕۆژگار دەبێتە کۆسپێکی زۆر گەورە لەبەردەم زوو ڕۆشتنی کات، لەکاتێکدا کات هەروەك خۆی دەروات بەڵام مرۆڤەکان لەچاوەڕوانیاندا ناتوانن ئەوەندە چاوەڕوانی بن، ئەو ڕۆژە دەوام تەواو بوو دوای چوونە دەری بەرێگاوەبوون بۆ ماڵەوە پاشان قسەی لەگەڵ ئیڤان کرد.... پێی ووت ئیڤان گیان ئەوە چەند ساڵێکە منکەسێکم خۆش دەوێت بەڵام نازانم ئەوکەسەش کەمن مەبەستمە ئەویش منی مەبەستە.... . !!!
-ئیڤان:ئەوکەسەت ئەوەندە خۆش دەوێت... ئی ئی مەبەستت چیە... ؟
-ئاکام:ئیڤان گیان من تۆم خۆش دەوێت بۆیە ناتوانم وا زوو دەست بەرداری خۆشەویستیەکەت ببم... !!؟
-ئڤان:ئاخر بڵێم چی.. ؟؟ ئەتوانم بیری لی بکەمەوە...

-ئاکامیش:زۆر باشە من دەتوانم چاوەڕوانی وەڵامت بم... بەڵام ئەوەش بزانە چەند ساڵە پێکەوەین ئەوەندە ساڵە دڵم پێت دەکرێتەوە چەند سەیرانوچەندرەسممان گرتووەهەموویم وەك یادگاری بەژوورەکەمداهەڵواسیوە، پاش ئەوەی کەتێی گەیاند کە چەند ساڵێکە چاوەڕوانی قسەیەکی وەهادەکات، بەڵام ئیڤان نەیتوانی کتو پڕ بەڵێنی پێبدات بەڵکو بەنەرمە شەرمێکەوە وەك کچێکی شەرمن لەناخیدا زۆر پێی خۆش بوو بەڵام ویستی یەکەم هەنگاو بەناز دەست پی بکات لەبەر ئەوەش ئاکام نازەکەی ئیڤانی قبوڵ کرد، بەشەرمێکەوەپێی ووت تەلە فۆنت بۆدەکەم دوای ئەوەخوا حافیزی یان لەیەکتری کرد، ئاکام کەچووەماڵەوە زۆر هەستی بەخۆشی کردوو هەمیشە سەیری تەڵەفۆنەکەی دەکردو تەنانەت بۆ ساتێکیش نەیدەتوانی فەرامۆشی بکات، کەچووەژورەکەی خۆی بەدەستێکی وێنەکەیپێبوو تەلەفۆنەکەشی بەدەستێکی تریەوە گرتبووی چاوەڕوانی زەنگی تەلەفونی بوو، چاوەروانی تارمای رۆحی بوو لەدەرگای دڵی بدات و بۆ ساتێك ئارامی بەژیانی ببەخشی چەند ساڵ چاوەڕوانی چەند فرمێسك ڕشتن چەند گریان هەمو ساتەکانی تەمەنی پێك هاتبوو لەم چاوەڕوانیە، پاش چاوەڕوانیەکی زۆر زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا ئەویش بەشێوەیەکی زۆر جوان جوابی دایەوە

- ئیڤان: ئەلوو

-ئاکام: بەڵی ئیڤان گیان ئەوە تۆی.... ..

-ئیڤان: بەڵی گیانی من.. ئەوەی ئەمرۆ باسمان کرد بەراستی منیش چاوارونی ڕۆژێکی وەهام دەکرد بەڵام لەبەر ڕۆژگارو لەبەر قسەی ئەملاو ئەولا نەم دەتوانی دەست خۆم بخەمە ژێر ئەو بارە قورسەی ژیان... بەڵام باش بوو خۆت زوو دەست پێشخەریت کرد.... بۆیە من زۆر خۆشحاڵ دەبووم بە خۆشەویستی تۆ... !!

-ئاکام:بەڵی... ئائا... من زۆر خۆشحاڵ ترم لەتۆ بەراستی تۆ چەندین ناخۆشی وچەندین چاوەڕوانی ئەم چەند ساڵەی بەزیاد نەدا ئەوساتەی لەهەموو ناخۆشیدا هەتمە سەر خۆشترین کات... ئاکام ئەو رۆژە ساتەکانی تەمەنی زۆر بەلاوە خۆشتربوو، کەئیڤان ووتی منیش تۆم خۆش دەوێت هەمیشە چاوەروانی ووتەیەکی وابوو.... !!!؟؟

-ئڤان: ئەوە میوانمان هات... ئەگەر تۆ کارێکت نیە ئاکام گیان... جاری خواحافیز....

-ئاکام: تۆ هیچ کارێکت نیە... من ئەم کاتەم لە هەموو کاتەکان لەلا خۆشترە... ئیڤان گیان.. جاری خواحافیزت بێت.. !!!؟

ئیتر لەو ڕۆژەوە ژیانی هەردووکیان بەرەو ئارامی دەڕۆیشت ڕۆژ بەرۆژ خۆشەویستی لەنێوانیاندازیادی دەکرد، رۆژانە لە زانکۆ ببونە جێگەی سەر سورمانی خەڵکی هەمیشە بەغیلیان بە هەردووکیان دەهات، ئەو ساڵە کۆتای ساڵیان بوو هەردووکیان بەنمرەیەکی باش تەخەروجیانکردوو، هەریەکەیان بروانامەیان بەدەست هێنا، بۆیە کەدەوام تەواو بوو ناچار بەتەلەفۆن پەیوەندیان دەکرد بەیەکەوە بۆ ئاگابوون لەیەکتری شەوانە بەدرێژای شەو هەر نەئەنوستن، رۆژێکیان کورە پورەکەی ئیڤان لەخاریج دێتەوەو یەکسەر سەردانی ماڵی ئیڤان دەکات بەڵکو بچێتە داخوازی ئیڤان، ئیڤان لەمە ئاگادارە، ئیڤان دایکی بانگی دەکات دەڵێت ئیڤان حەمەی ئامۆزات لەخاریج هاتۆتەوە بەڵکو بزانە شووی پێناکەیت هەر لەبەر تۆش هاتۆتەوە بەنیازە ژن بهێنی، ئیڤانیش دەڵێت دایە شووی چی حەمەی ئامۆزام وەك برای خۆم سەیری دەکەم ناشێت لەیەکمان مارە بکەن دایکیشی دەڵێت ئەوەند قسە زل مەبە باوکت ئەمشەو هەموو شتەکان دەبرێیننەوە و هەر ئەم شەو لەحەمەت مارە دەکەین لەبەر ئەوەی زوو دەرواتەوە بۆ ئەورووپا، ئیڤان یەکسەر پەیوەندی بە ئاکامەوە دەکات

دەڵێت خەریکە دەمدەن بەحەمەی ئامۆزام منیش یان بۆ تۆ یان دەبێت بمرم، لەم قسانەدادەبن ماڵی حەمەی ئامۆزای دێن ئەویش تەلەفۆنەکە دادەخاتەوەو، دەچێتە ژوورەکەی خۆی دەرگاکە دادەخات و ناچێت بەخێر هاتنیان بکات باش تۆزێك دایکی دێت دەڵێت ئەو دەرگایەم بۆ بکەرەوە ئەویش نایکاتەوە پاش دەنگە دەنگێکی زۆر ناچار دەبێت بیکاتەوە هەر ئەو شەوە بێئەوەی ئاگای لەهیچ بێت سەیر دەکات باوکی هەموو شتێکی برانۆتەوە لەگەڵیاندا باش ئەوی کەخۆی دەکات بەزوردا دەبینێت دانیشتوون مەلایەکیان هێناوە تاکو بەزووی مارەی ببرن و پاش ئاڵتون هەڵگرتن بگەرێتەوە و ئەویش بەرێت لەگەڵ خۆیدا هەرچۆنێك بێت ئەم رازی نابێت کەبیدەنە ئەو کورە واتە حەمەی ئامۆزای دوای ئەوەی مەلاکە دەیەوێت بیگوێزێتەوە ئەمیش رازی نابێت بەو کارە بۆیە ناچار مەلاکە ناتوانێت مارەیان ببرێت لەبەر ئەوەی کچەکە رازی نابێت، دواتر ماڵی باوانی کچەکە هەرەشەی کوشتنی لێ دەکەن بەونیازەی رازی بکەن پاش ئەم هەموو مشتو مرە ئیڤان دەخەنە ژورێکەوە سجنی دەکەن لەو ژورەدا کەهیچ شتێیەکی تیانییە، بۆیە ئاکام لەو شەوەدا لەچاوەروانی پەیوەندیدا خەو ناچێتە چاوانی چاوەروانی پەیوەندی ئیڤان دەکات تابزانی ئەو کێشەیە بەچی لایەکدا کەوت، لەم لاشەوە ئیڤان لەگەڵ گریانو بیر کردنەوەی یادگاریەکانی ئاکام... تنۆك.... تنۆك.. فرمێسك لەچاوە گەشەکانی دێتە خوارەوە کە هەر تنۆکە فرمێسکێك تعبیر لە نەهاتنە دی هەموو ئاواتەکانیان دەکات و بۆیەك نەبوونیان بە یەکتری، رێگەکانی ژیان هەمیشە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم ژیانیدا لەولاشەوە حەمەی ئامۆزای دەبێتە هۆکارێکی تر بۆ نەگەیشتن بەئاکام، لەم بیر کردنەوانەدا دەبێت لەپڕ براکەی خۆی دەکات بەژووردا بەدەمانچەیەکەوە هەرەشەی کوشتنی لی دەکات ئەویش زۆر بەسەر بەرزانەوە بەبراکەی دەڵێت مردن باشترە لەو ژیانەی کەبچمەلایحەمە، ئەم کێشەیە تا چەند رۆژێك ئاکام لەئەگەری چاوەڕوانیدا دەهێلێتەوە تا کو حەمەی ئامۆزای بەناخۆشی دەگەڕێتەوەبۆ ئەوروپا ئەمیش لەو ژوورەدا رزگاری دەبێت، بەڵام چۆن ڕزگار بوونێك کە چونە دەرەوەو هەموو شتەکانی لی قەدەغە دەکەن بەس تەلەفۆن شك دەبات کە پەیوەندی بەئاکامەوەبکات لەناکاو پەیوەندی بەئاکامەوە دەکات بەڵکو بتوانێت قسەی لەگەڵ بکات و هۆی روداوەکەشی تێبگەیەنێت، دوای ئەمانە ئیڤان بە ئاکام دەڵێت وەرە داوام بەڵکو ماڵەوە رازی بن، بۆیە ئاکامیش دڵی ناشکێنێت هەر یەکسەر بۆ شەوەکەی خەڵك دەنێرێتە داوای، بەڵام چوونەکەی باوانی ئاکام بی هودە دەبێت بۆیە بەناچاری دەگەرێنەوە ماڵی، باوکی ئیڤان هەرەشەی لێیان کردووە کەجارێکی تر نەیەنەداوای کچی، ئەوشەوە تابەرە بەیان هەردووکیان بە خەفەتەوە سەر دەنێنە سەر زەوی، پاش چەند جارێکی تر هەر سودی نابێت لە چوون بۆیە حەمەی ئامۆزای جواب دەنێرێت کە برایەکی ئیڤان رادەکێشێت بۆ ئەوروپا ئەگەر ئیڤان شوبکات بەحەمە لێرە دابراکە ی دەچێتە لای ئیڤان پێی دەڵێت بەقسەم بکە ئێمە دەچینە ئەوروپا ئیتر چیت داوە لەم وولاتە باوەرم پێبکە ئەوروپا زۆر خۆشە دەچینە لای حەمەی ئامۆزامان، ئیڤانیش دەڵێت یەکشت هەیە باپێتان بڵێم من هەر ئاکامم خۆش دەوێت بێجگەڵ لەئاکام شوو بەکەسی تر ناکەم، پاش ئەوەی ماڵی هەردوولا بە پەیوەندیەکەی هەردوکیان دەزانن... بۆیە ناچار دەبن کە هەموو شت لە ئیڤان قەدەغە بکەن... پاش ئەوەیهەردووکیان دەزانن هیچیان بۆیەك نابن مەرگ هاتۆتە پێشی ئەوانیش چاوەڕوانی مەرگێك دەبن بەیەکەوە ژیان جی بهێڵن بۆ ئەوەی زیاتر ژیان لەلایان تاڵ تر نەبێتخۆشەویستیەکەیان بەجوانی جی بهێڵن، بۆیە بریار دەدەن هەردووکیان خۆیان دەرمان خوار بکەن بە ئومێدی ئەوەی لەم دنیایە بۆیەك نەبون

بەڵکولەودنیا بەیەکدی شاد بن، بەڵام لێرە دا قەدەر دڵی زۆر رەقە بەرامبەر بەو دوو خۆشەویستە ئەو دووانە ژیانیان لەپێناوی یەکتریدا دا نا تا رۆژێك بریار دەدەنکە بەدزیەوە ئیڤان تەلەفۆن دەکات بۆ ئاکام بۆ ئەوەی بەکچێکی دراوسێیاندا دەرمانی بۆ بنێری بۆ ئەوەی خۆی رێگەی پێنادەن لەماڵ بچێتە دەرەوە پاش ئەوەی کە دەرمانەکەی بۆ هێناو ئاکام دایە دەستی کچەکەی دراوسێیاندا چەند ووشەیەکی کۆتای بۆ ئیڤان نوسیی بوو...

سڵاو.... ئیڤان گیان ئەمە دواین ووتەی منە بۆ تۆ... هیوادارم هەرددوکمان لەم دنیا هیچەدا بەدەستی خۆمان خۆمان بکوژین بەئومێدی ئەوەی لەودنیا بەیەکدی شاد ببین.... !!!من یەك داوام لەخوا ئەوەیە... کە لەم دوونیایە بەیەك نەگەیشتین هیوادارم لەودنیا بەیەکدی شادبین.... . مالئاوا.... !!!!

دوای ئەوەی ئیڤانیش ئەو کاغەزەی لە شیلانی دراوسێیان وەرگرت و لەلای کچەکەی دراوسێیان ووتی گەردنم ئازاکە لەپاش ئەم هەموو چاوەڕوانیە ناچار قەدەر بەرەو سەفەرێکی نادیارمان دەبات شیلانیش دەڵێت... ئەوەچیە شێت بووی ئەوە دەڵێی چی؟!!... ئیڤانیش دەڵێت... ببوورە لەوهەڵانەی کەبەرامبەر بەتۆ کرددومە بەراستی تۆ دراوسێیەکی زۆر باش بووی بۆ من.... لەم قسانەدا دەبن دایکی ئیڤان خۆی دەکات بەژووردا دەڵێت ئیڤان وەرن بۆ خوارەوە میوەم بۆ داناون بیخۆن ئیڤان دەڵێت... دایە من ناخۆم نازانم بۆ شیلان... !!! شیلان بچۆرە خوارەوە من تۆزێك بێتاقەتمسەرم زۆر دەیەشی... تۆ بچۆ میوەکەبخۆ.... باشە کاتێکی خۆش... بە چەند دەقیقەیەك پێش ئەوەی خۆیان دەرمان خوار بکەن پەیوەندی بەیەکتری دەکەنو ماڵئاوای ژیانێکی مەرگ بۆ خۆیان دەخوازن لێرە قەدەر هەردوکیان دەخاتە گریان گریانێگ گوزارشت لە ژیانی بی ئەمەلی لەژیان دەکات کە ژیانێك لەخۆر ئاوابوونی مەرگدا بژین باشتر وایە چاوەڕوانی هەڵهاتنی خۆر نەکەین کە رۆژگارێك بەباران و هەورە بروسکە تاریك بوبێت ناتوانین دەست بەرداری سروشت ببین خۆر بەئاسانی نابینین، ناتوانین لەگەڵ خەوەکاندا بەراستی برۆین ناتوانین باوەر بەخودی خۆمان بکەین، زۆرجار تەنهایش بەرەو مەرگمان دەبات ناتوانین بۆ تاهەتایە بەتەنهای بژین.... .... . ؟؟!!.... . پاشان لەگەڵ داخستنەوەی تەلەفۆنەکە هەردووکیان خۆیان دەرمان خوار دەکەن.... .. !!!!!!؟؟؟